Bundesamt
für Migration
und Flüchtlinge

لاپەڕەی ڕێنمایی سەبارەت مامەڵەکردن لەگەڵ زانیاریەکاندا بە پێی ئارتیکلی 13، 14 لە پاراستنی زانیاری-یاسای بنەڕەتی (DSGVO) بۆ بەشداربووانی کۆرسی فێربوونی زمان بۆ خۆگونجاندن.

کۆرسی زمانی خۆگونجاندن لەلایەن دائیرەی ئیتحادی بۆ پەناهێنده و کۆچبەرانەوە ڕێکدەخرێت وە بەرپا دەکرێت، کە لە ڕێگەی پەیمانگا تایبەتەکان و حکومیەکانەوە پێشکەش دەکرێت، § 43 بەندی 3 دێڕی 2 AufenthG.

بە مەبەستی جێبەجێکردنی ئەم ئەرکانە زانیاریە کەسایەتیەکانت لەم جێگایانەی خوارەوە وەردەگیرێت وە تاووتوێ دەکرێت:

- دائیرەی ئیتحادی زانیاریە شەخسیەکانتان کۆدەکاتەوە، ئەوەندەی بۆ ئەم مەبەستانەی خوارەوە پێویست بێت:
  - بۆ دەرکردنی ڕێگەپێدان بۆ بەشداریکردن لە کۆرسی فێربوونی زمان بۆ خۆگونجاندن (§ 5 بەندی 1 IntV) وە هەروەها بۆ خوولی دووبارەکردنەوە هەتا بڕی 300 کاتژمێر لە خوولەکە (§ 5 بەندی 5 IntV)
  - بەشداریکردنی بێبەرامبەر لە خوولی فێربوونی زمان بۆ خۆگونجاندن (§9 بەندی 2 IntV)
  - مسۆگەرکردنی مینحەی خەرجی هاتووچۆ (§4 a بەندی 1 IntV)
  - قەرەبووکردنەوەی لە ٪50 خەرجی خوولی فێربوونی زمان بۆ خۆگونجاندن (§9 بەندی 6 IntV)

- هەرئەوەندەی دائیرەی بێگانە، لایەنی بەرپرسیار بۆ دابینکردنی ژیان بۆ ئەو کەسانەی دەگەڕێن بە دوای کاردا، یان لایەنی بەرپرسیار بۆ دابینکردنی ژیان بەپێی یاسای پەناهێنده، یان بەڕێوەبەرایەتی ئیدارەی ئیتحادی کە نامەی بڕیاری بەشداربوونی خوولی فێربوونی زمانی خۆگونجاندنی بۆ تۆ دەرکردووە یان تۆی بەرپرسی بەشداریکردن کردووە، ئەم جێگایانە دائیرەی ئیتحادی بۆ پەناهێنده ئاگادار دەکەنەوە بەم زانیاریە کەسایەتیانە کە لێت وەردەگیرێن. بەتایبەتی زانیاری سەبارەت سەلماندنی بەشداریکردن لە خوولەکەدا یان زانیاری بەشداریکردن لە تاقیکردنەوە - یان جێگا گۆڕین. دانی ئەم زانیاریانە بە دائیرەی ئیتحادی بۆ پەناهێنده کاتێک دەدرێت، ئەوەندەی ئەم زانیاریانە بۆ بەشی ژمێریاری بۆ دانی خەرجی کۆرسەکە وە هەروەها پێشکەشکردنی کۆرسەکە پێویست بێت. (§ 88a بەندی 1 دێڕی 1 AufenthG)

- ئەوەندەی دائیرەی ئیتحادی بۆ پەناهێنده بەپێی یاسای § 7 بەندی 3 یان IntV 5 تۆی بە مەبەستی بەشداریکردنی خێرا بۆ پەیمانگایەکی فێربوونی زمانی تایبەت نارد یان پەیمانگیەکی تایبەتی دیاری کرد، دائیرەی ئیتحادی بۆ پەناهێندەیی پەیمانگاکە ئاگادار دەکاتەوە هەروەها (ئەوەندەی پەیوەندی بە تۆوە هەبێت) ئەو جێگایەی، کە فەرمانی بە تۆ کردووە بۆ بەشداریکردن لە کۆرسی فێربوونی زماندا.

- پەیمانگای فێربوونی زمانەکە دائیرەی ئیتحادی ئاگادار دەکاتەوە سەبارەت ناونووسینەکەت وە هەروەها بەشداربوونت لە خوولی فێربوونی زمان بۆ خۆگونجاندن، ئەوەندەی ئەمە بۆ سەلماندنی بەشداربوونێکی ڕێک وپێک لە کۆرسەکەدا، وە بۆ دەرکردنی نامەی پشتگیری لە بەشداربوونێکی سەرکەوتوودا یان ناسەرکەوتوودا لە کۆرسی فێربوونی زمان بۆ خۆگونجاندن یان بۆ بەشی ژمێریاری بۆ خەرجکردنی پارەی کۆرسەکە وە پێشکەشکردنی کۆرسی زمان بۆ خۆگونجاندن پێویست بێت (§ 88a بەندی 1 دێڕی 1 AufenthG).

- ئەگەر سەردانی ئەوکۆرسی خۆگونجانەت کرد کە چاودێری منداڵانیشی لەگەڵدایە بەپێی پەرەگرافی ٤ ئا بڕگەی ٢ لەیاسای کۆرسی خۆگونجاندن . ئەوا بەڕێوبەرایەتی چاودێری منالانەکە داوای ناو و ناوی خێزانی و بەرواری لەدایکبونی ئەو منداڵە دەکات کە دەبێت چاودێری بکرێت . نوسینگەی فیدراڵی بۆ کۆچ و کۆچبەران ئەم زانیارییانەی پێویستە بۆ مەبەستی قبوڵ کردن و دانی پارە بە بەڕێوبەرێتی کۆرسی خۆگونجاندن .

KNr. 630.154a Kurdisch-Sorani BAMF 01/2020

- هەرئەوەندەی بۆ بەشداریکردن لە کۆرسێکی فێربوونی زمان بۆ خۆگوونجاندن بەرپرس کرایت، ئەوە پێشکەشکەری کۆرسەکە هەموو ئەو جێگایانە ئاگادار دەکاتەوە کە فەرمانی بەشداریکردنەکەیان دەرکردووە، ئەگەر لە حاڵەتێکدا تۆ بەشێوەیەکی ڕێکوپێک بەشداری کۆرسی خۆگوونجاندنەکە نەکەیت (§ a88 بەندی 1 دێڕی2 AufenthG).

- دائیرەی ئیتحادی بۆ کارو باری پەناهێنده زانیاریەکانی تایبەت بە کەسایەتیت بۆ گەڕان ئەدات بە دائیرەی بێگانەی بەرپرس لەتۆ، یان لایەنی بەرپرس بۆ دابینکردنی ژیان بۆ کەسانی بێکار کە دەگەڕێن بەدوای کاردا یان لایەنی بەرپرس بۆ دابین کردنی ژیان بە پێی یاسای یارمەتی پەناهێنده، ئەوەندەی ئەمە بەتایبەتی بۆ مەبەستی دەرکردنی بڕیاری یان مافپێدان بۆ بەشداریکردن لە کۆرسی زمان بۆ خۆگونجاندن، یان بۆ مەبەستی کۆنترۆل کردنی هەستان بە بەشداریکردن وە هەروەها بە مەبەستی درێژکردنەوەی مافی مانەوە کە پێویست بێت. (§ a88 بەندی 1 دێڕی 3 AufenthG)

دائیرەی ئیتحادی بۆ پەناهێنده و کۆچبەران بەرپرسە لە پاراستنی وە سەلامەتی هەموو ئەو زانیارانەی کە لەسەر کەسەکان کۆیان دەکەنەوە، چ ئەو زانیارانەی کە دائیرەی ئیتحادی خۆی ڕاستەوخۆ کۆیان دەکاتەوە یان لە ڕێگەی لایەنەکانی ترەوە بەدەستی دەگات.

ناونیشان و وە زانیاری بۆ پەیوەندی کردن بە دائیرەی ئیتحادیەوە بریتیە لە:

Bundesamt für Migration und Flüchtlinge

Frankenstraße 210

90461 Nürnberg

ناونیشان و وە زانیاری بۆ پەیوەندی کردن بەکەسی بەرپرس لە پاراستنی زانیارەکان لە دائیرەی ئیتحادیەوە بریتیە لە:

Bundesamt für Migration und Flüchtlinge

- Behördlicher Datenschutzbeauftragter -

Frankenstraße 210

90461 Nürnberg

زانیارەکانی سەبارەت بە ناوی خێزانی، ناوی یەکەمی خۆت، ڕۆژی لەدایکبوونت بەلای کەمەوە لەدوای ماوەی دە ساڵ، زانیارەکانی ترت لەدوای ماوەی پێنج ساڵ دوای تەواو بوونی کۆرسی فێربوونی زمان بۆ خۆگونجاندن، دەسڕدرێتەوە (§ 8 بەندی 6 IntV)

تۆ مافی ئەوەت هەیە کە داوا لە دائیرەی ئیتحادی بۆ پەناهێنده بکەیت، کە مامەڵە کردن لەگەڵ زانیاریەکانی سەبارەت بە کەسایەتی تۆ بەشێوەیەکی سنووردار بێت، بە مەرجێک بتوانیت باوەڕپێکراوانە بیسەلمێنیت کە بەرژوەندیە پاڵنەرەکانی پاراستنی زانیاریت یان بەرژوەندیە پاڵنەرەکانی پاراستنی زانیاری کەسانی تر لە کاتی مامەڵە کردن لە گەڵ زانیارەکاندا سنووردار بێت. ئەم جۆرە کارکردنە تەنها کاتێک دێتە دی، کە لێرەدا بە شێوەیەکی ئاشکرا بەرژوەندیەکی گشتی لە ئاراد بێت. زیاتر لەمە تۆ مافی ئەوەت هەیە کە داوای زانیاریەکان بکەیت وە داوای مافی بینینی ئەو زانیاریانە کەسایەتیانە بکەیت کە سەبارەت بە تۆ وەرگیراون وە هەروەها مافی سڕینەوەی زانیاریەکانت هەیە لە حاڵەتێکدا، کە ئەم زانیارانە بە شێوەیەکی بێ ڕوخسەت وەرگرتن مامەڵەیان لە گەڵ کردبێت.

لەگەڵ ئەمەشدا تۆ مافی ئەوەت هەیە کە شکات بکەیت لەلای دائیرەی چاودێری بەرپرس بۆ پاراستنی زانیاری:

Bundesbeauftragte für den Datenschutz und die Informationsfreiheit

Husarenstraße 30

53117 Bonn